## سکالانامەیەك بۆ :

## هەڤالان لە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی / بەڕێز هەڤاڵی بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی ؛ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**ڕۆژتان باش**

***هەڤاڵی بەڕێزکاك نێچیرڤان :***

**ئێمە لە ناخەوە لەوە دڵنیایین ، کە بەڕێزتان هەمیشە خەمخۆری ڕۆڵەکانی گەلی کوردن و ، بە ئاواتیشەوەن هەموو تاکێکی کورد هەرچی خۆش گوزەرانی و بەختەوەرییەك هەیە لێی بێبەش نەبێت ، هەر ئەو نەفەس درێژی و دڵسۆزییەی بەڕێزیشتانە وایکردووە ، کە هەموان خەون بە پاشە ڕۆژێکی پڕلەبەختەوەری و ئاسوودەیی و ، گوزەرانێکی لەڕادەبەدەر خۆش وبەختەوەرەوە ببینین ؛ بێگومانیشین لەوەی کە ئەگەر ئەو هەستە پاك و پڕ لە وەفایەی بەڕێزتان نەبوایە ، ڕەنگ بوو زۆر لە چین و توێژی هەمیشە زەرەر پێکەوتووی فەرمانبەران بەو پلەو پایانە نەگەیشتنایە ، کە ئەمڕۆ پێی گەیشتوون .**

***هەڤاڵی بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی :***

**ئێمەی ڕاوێژکارانی سەرجەم وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان لە هەولێری پایتەخت ، هەریەکەو بەپێی شارەزایی و تواناو لێهاتوویی خۆمان و ، بە فەرمانی بەڕێزتان و ئەوانەی پێش خۆشتان ، چەند ساڵێکە ئەم پۆستەمان دراوەتێ ، دیارە لە بەرامبەر ئەو ڕێزلێنانە هەمیشە سوپاسی جەنابتان دەکەین و ؛ بەم لالێکردنەوەیەی بەڕێزتان هەست بەوە دەکەین ، کە سەرۆك و گەورە بەرپرسانی کورد ، ئەو وەفاو دڵسۆزییەیان لەنێو دڵ و دەروونندا چەسپیوە ، بۆ ئەوەی هەریەکەو لە بواری خۆیدا خزمەت بە هەموو ڕۆڵە بە ئەمەگەکانی ئەم گەلە ستەمدیدەیەمان بکات ، بێگومان ئەوەی بۆ ئێمە کراوە شتێکی گەورەو پیرۆزە ، دڵنیاشین کە هەمووی لەسایەی وەفاداریی پارتی و سەرکردایەتییەکەی و ، لە دڵسۆزی و بەخشندەیی ئێوەی بەڕێزەوە بووە ؛ بەڵام** ***هەڤاڵی بەڕێز : ئەوەی هەر هەمووانی لە ئێمە نیگەران کرد ، ئەو کارە هەڵەو ناڕاستەی بەڕێوەبەری گشتیی دارایی ( ڕەشید تایەرحەسەن ) بوو ، کە لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا بەرامبەر بە ڕاوێژکارانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئەنجامداو ، تەگەرەیەکی خستە ئەو فرمان و بڕیارەی بەڕێزتانەوە ، کە هەموو ئێمەی پێ دامەزرابووین و ، بە مەزاج و بۆچوونی خۆی و چەند کەسانێکی وەکو خۆی ، کە لە ناخەوە دڵنییام نە لەنێو داوودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و ، نە لە نێو ڕێکخستن و ڕێکخراوەکانی حزبیشدا کەسێك هەبێت ئەمسالی وەکو : ( ڕەشید تایەرو حاجی یوسف ) و ، زۆرانی دیکە کە لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی داراییدا باڵا دەستن ، خۆشیان بوێن ؛ چونکە هەموو ئەوەی دەیکەن و ئەنجامی دەدەن بە دژایەتی پارتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەشکێتەوە ، بەتایبەتیش بۆ ڕەوشی ئەمڕۆ ، کە هەرێمی کوردستان و عێراقی پێدا تێدە پەڕێ .***

***بەڕێز جەنابی سەرۆکی حکومەت :***

ئەوەی ( ڕەشید تایەر ) دەرهەق بە ڕاوێژکارانی ئەنجامدا بریتی بوو لەوەی کە:

★ ***یەکەم :***

خۆی و چوار کەسی دیکە کۆنووسێکیان مۆر کردووەو ، دەقی کۆنووسەکەیش بەرلەوەی لە کۆبوونەوەیەکی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیراندا بڕیاری لەسەر بدرێت ، بە نووسراوی ژمارە (١٠٥٠ ) ی رۆژی ( ٣٠ / ٣ / ٢٠٠٤ ) تەعمیم کراوە ؛ کەچی لەبنەڕەتدا بۆچوونەکان پێشنیازن و ، دەبوایە وەکو دەستپێك لەکۆبوونەوەیەکی ئەنجومەندا پەسند بکرێن ؛ ئینجا وەکو ڕێنمایی تەعمیمی سەر وەزارەتەکان بکرێت ؛ چونکە ئەوەی کراوە خۆی لە خۆیدا کارێکی هەڵەیەو ، بە نەفسێکی گەورە بۆ ئەنجومەن و وەزارەتی دارایی ئەژمار دەکرێت . جگە لەوەی ، کە ئەو مەرجانەی تێیدا هاتوون بەهیچ شێوەیەك نابنە بنەما بۆ دامەزراندنی ڕاوێژکاران ؛ چونکە مادامەکی پلەی ڕاوێژکار پلەیەکی تایبەتە ، دەستەواژەی تایبەتیش خۆی لە خۆیدا لە هەموو مەرجێك بەدەر دەگیرێت واتە : ( ئیستیسنا دەکرێت ) ، بۆ نموونە : ئەگەر سبەی ڕۆژێ سەرۆکی حکومەت بیەوێت سەرۆك هۆزێك ، یان دەرچوێکی قۆناغی ناوەندی یان ئامادەیی لەبەر هەر ئیعتیبارێك بێت بکات بە ڕاوێژکاری خۆی ، یان هی هەر وەزارەتێك ، ئیتر نازانم ئەوسا بەڕێوەبەری گشتیی دارایی ، ئەم حاڵەتە چۆن و بەچ شێوازو ڕێنماییەك چارەسەر دەکات ، کە هەرگیز فەرمانەکەشی پێ ڕەت ناکرێتەوە ؛ چونکە هەمیشە دەسەڵاتی سەرۆکی حکومەت لە دەسەڵاتی وەزیری دارایی و بەڕێوەبەری گشتیی داراییش باڵا ترە و ، هەرچی لەسەر ئەوانە جێبەجێ کردنی بڕیارەکەیە و بەس ، بۆ ئەوانەیش کە تائێستاو ، لە سەردەمی هەرچوار کابینەکە بەڕاوێژکار دامەزراون ، هەر دیسان دەسکاریی کردنی پلەو مووچەکانییان نە لەدەسەڵاتی وەزیری دارایی و ، نە لە دەسەڵاتی ( ڕەشید تایەر ) دایە ، کە پلەکانییان دابەزێنێ و مووچەکانیشیان کەمکاتەوە ، *وەك ئەوەی ئێستا بە تەجاوزکردنی دەسەڵاتی ئێوەی بەڕێزی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کردوویەتی* ! دەنگۆی ئەوەش هەیە کە ئەو بەڕێزە بەر لەوەی ئەم کارە بکات ، هەندێ لە ڕاوێژکارانی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەی خۆی پێیان گوتووە ئەو کارەی دەتەوێ بیکەی کارێکی هەڵەیە ؛ چونکە هیچ تەعلیماتێك لەئەنجومەنی وەزیران لەمبارەیەوە دەرنەچووەو ، بڕیاریش بە بڕیار هەڵدەوەشێتەوە ، لە وەڵامدا گوتوویەتی : *( من بۆخۆم بڕیارو تەعلیماتم )* ئیتر کەوابێ ڕەنگە ( ڕەشید تایەر ) بە بۆچوونی خۆی ، دەسەڵاتەکانی ئەو لەهی سەرۆکی حکومەت باڵاتربن و ، یان ڕەنگە شتێکی دیکەی شاراوە هەبێت ، کە ئێمە هەر هەموومان لێی ئاگادار نەبین و نەیزانین .

★ ***دووەم :***

ئەوەی لە کۆنووسەکەو ، لە خاڵی ( ب ) یدا ئاماژەی بۆ کراوە هەڵەیەکی زەق و گەورەیە ؛ چونکە کە ڕاوێژکار لەوەزارەتێکدا بە پلەی وەکیل وەزارەت بێت ، ئیتر نازانم ئەو کات وەکیل وەزارەت بۆچییەو ، چ مەفعولێکی دەبێت ؟! ئەمە جگە لەوەی کە لە پێشنیازەکانی لیژنەی ئاماژە بۆکراو دەقاو دەق ئەو هەڵەیەی لەبڕیارەکەی بەڕێز وەزیری دارایی عێراق دا هاتووە ، کە پشتی بە بڕیاری ژمارە (٣٠ ) ی ساڵی (٢٠٠٣ ) ی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان لە عێرقدا بەستووە ، ئەوەی کە لە ژمارە ( ٤١٥٩ ) ی رۆژی ( ٢١ / ١ / ٢٠٠٤ ) ی ڕۆژنامەی ( التاخی ) دا بلاوکراوەتەوە ، هەمان هەڵە لەلای ئەو بەڕێزانەیش دووپات بۆتەوە ، چونکە لە خاڵی چوارەم ( رابعا ) دا : نووسراوە ( وەکیل وەزیر) ئەوانیش ڕێك هەڵەکەیان گواستۆتەوەو نووسیویانە : ( وەکیل وەزیر ) ، کە ڕاستییەکەی (وەکیل وەزارەتە) نەك ( وەکیل وەزیر ) ؛ بەڵام دیارە ئەو بەڕێزانە وەك سەریان لە

زۆر شت دەرناچێ ، لەمەیش دەرنەچووە ، بۆیە ئەمەشیان هەر بەهەڵە لێکداوەتەوە ؛ چونکە لەوێدا بەم شێوەیە هاتووە ؛ ڕەنگە تائێستایش هەر وای تێبگەن ، کە ئەو پلەیە (وەکیل وەزیرە ، نەك وەکیل وەزارەت ) ، دەقی خاڵەکەیش بەم شێوەیە یە :

★ *( رابعا : یکون راتب وکیل الوزیر ـ کە ڕاستییەکەی ـ وکیل الوزارە ـ یە ، ومن بدرجتە من المستشارین فی الحد الاعلی لدرجە ( س . ب ـ خاصە ب ؛ من جدول الرواتب ) .*

## *بەڕێز سەرۆکی حکومەت :*

ئەوەتا وا لێرەیش ئەو هەقیقەتە زۆر ڕاشکاوانە دەردەکەوێ ، کە وەکیل وەزارەت و ڕاوێژکاران هەردووکیان لە پلە تایبەتەکانن ، کەواتە ئەو مووچەیەی دەدرێتە وەکیل وەزارەت ، دەبێ هەمان مووچەیش بدرێتە ڕاوێژکاران ، نەك ( ڕەشید تایەر ) بە ئارەزوو و مەزاجی خۆی مووچەیان بۆ دیاری بکات و ، پلەکانییان لەتایبەتەوە بکات بە پلە یەك و ، یاساو ڕێساکانی وەزیفییش پێشێل بکات و ، لە ئەنجامیشدا ئەو کارە خراپەی کە ئەو ئەنجامی داوە ، ئەستۆی بەڕێزتان وەك سەرۆکی حکومەت و ، ئەنجومەنی وەزیران و ، پارتی دیموکراتی کوردستان بگرێتەوە ؛ چونکە هەر هەموو خەڵکی کوردستان ، حکومەتی هەرێم ( ئیدارەی هەولێر ) لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان حیساب دەکەن و ، هەڵبەتە ئەمەیش هەقیقەتێکی بەڵگە نەویستە !!!

★ بەهەرحاڵ ئێمە پێمانوایە ئەو بڕیارەی لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە زۆر ڕاستە ؛ چونکە پلەی ڕاوێژکارو وەکیلی وەزارەت و ، ( چەند پلەیەکی دیکە ) ـ کە هەر دیسان ( ڕەشید تایەر ) لای خۆی هەندێکی دیکەی بۆ زیاد کردوون ـ لە پلە تایبەتەکانەو ، هیچ کات و سەردەمێکیش ئەم جۆرە پلانە بە ماوەی خزمەت و ، بڕوا نامەی بەرزو نزم نە بەستراوونەوەو نەشبەستراونەتەوە ، خۆ ئەگەر وایشبووە ئەی ئەم زاتە بەڕێزەو ، ئەوانەیش کە لەگەڵیدا کۆنووسەکەیان ئیمزا کردووە ، بۆ بەر لەوەی ئەم هەموو خەڵکە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەئیمزای ئەوانەی پێش خۆتان و بەڕێزیشتان ، بەڕاوێژکاردابمەزرێن ئەگەر هەر ( بۆ خوێی چێشتیش بوایە ) ئەوسا ئیعتیرازێکیان نەدەگرت و ؟! بۆ بەوان و ، بە بەڕێزیشتیان نەدەگوت : کە ئەم کارانە نایاساییین و ، نابێ بەم شێوەیەی کراوە بکرێن ؟! لە کاتێکدا کە هەندێ لەو بەڕێزانە لەوەتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە ، تەنانەت هەندێکیشیان بەری حکومەتی هەرێمی کوردستانیش تائێستا بەکورسییەکانیانەوە چەسپیوون ، بۆ تاکە سەعاتێکیش بواری غەیری خۆیان نەداوە کە شوێنی ئەوان پڕبکەنەوە ! *تۆبڵێی ئەوان بۆ ئەوەیان نەبووبێت ، لەڕۆژگارێکی وەکو ئەمڕۆدا ، کە ڕەوشی کوردستان و عێراقیش بەرەو ئازادی و دیموکراتییەت و کرانەوەیەکی بەرفراوان دەچێت ، پارتی و حکومەت و جەنابتانی پێ ئیحراج بکەن ؟!*

ئەی ئەوە نییە هەر خودی ( وەزارەتی دارایی و ئابووری / بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دارایی / ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە ) لە تەعمیمی ژمارە ( ٥٩ ) ی خۆیاندا ، کە بە نووسراوی ژمارە / ٨٢٠٢ ی ڕۆژی ( ٧ / ١١ / ٢٠٠١ ) بەم شێوەیە وەسفی پلەی ڕاوێژکاران دەکات :

*بابەت / پلەی ڕاوێژکار*

---

*(( لەبەر ئەوەی پلەی ـ ڕاوێژکار ـ لە پلە تایبەتەکانە و ، بەپێی یاسای خزمەتی شارستانیی ژمارە / ٢٤ ی ساڵی / ١٩٦٠ ی هەموار کراو پلە بەرز کردنەوەیان نییە ؛ بەڵکو تەنها سەرمووچەی ساڵانەیان دەدرێتێ ، بەبڕی ( ١٥/٥٠٠ ) دینار .. بۆ کارپێکردنی .. لەگەڵ ڕێزماندا . )) .*

حا تۆبڵێی ئەم تەعمیمەی سەرەوە کاتی خۆی بەهەڵە لەدەست رەشید و گرووپەکەی دیراسات و لێکۆڵینەوە دەرنەچووبێت ؟ یان بڵێی ئەمەیان بۆئەوسا باش بووبێت و ، کەڵکی ئەمڕۆی پێوە نەمابێت ؟ بۆیە وا بە ئاسانی لێی پاش گەز بوونەتەوە ؟ کەچی ئەوەتا وا ئەو یاسایە شارستانییەی ئەوسا پشتییان پێی بەستووە ئێستایشی لەگەڵدابێ وەزارەتی دارایی حکومەتی مەرکەزیی عێراق کاری پێدەکات و ، هێشتا هەڵنەوەشاوەتەوە ؛ بەڵام لەوەدەچێ ( رەشید و گرووپەکەی ) باوەڕیان پێی نەبێ ، بۆیە وا بە ئاسانی پێشێلی دەکەن .

دووریش نییە بەڕێزیان ویستبێتی ئەو هەڕەشەیەی چەندین جار لای فەرمانبەرانی خۆی لە ڕاوێژکارانی کردبوو و ، گوتبووی : ( هەر دەبێ رۆژێك ئەو پلەو مووچەیەی بە ڕاوێژکاران دراوە هەڵی وەشێنمەوە ) ! خۆ کوردیش دەمێکە گوتوویوتی : ( پیاو ئەوەیە لە قسەی خۆی نەیەتە خوارێ ) ، ئیتر دیارە بەڕێزیان زۆر تامەزرۆی ئەوەبوو ئەو ئاواتەی خۆی جێبەجێ بکات و ، خراپەکەیش بخاتە ئەستۆی حکومەت و سەرۆکەکەی ، کە دڵنییام هەر هەموویشتان لە کردەوە خراپ و پووچەڵەکانی ( رەشید تایەر ) ئاگادارن ، ئیتر ئەگەر لەبەر خاتری ( فلأنە کەس ) پێی ناڵێن لە پشتی چاوانت دوو برۆ هەن ، ئەمەیان شتێکی دیکەیەو ، رەنگە خۆتان باشتر بیزانن !!

کەچی ئەوەی هەر زۆر سەیرو سەمەرەیە ، لە هەموو یاساکانی پێشووی حکومەتە یەك بەدوا یەکەکانی عێراقدا ، پلەی ( بەڕێوەبەری گشتی و ، شارەزا ) لە پلە وەزیفییەکان بووەو ، هەرگیز ئەم پلانە ، پلەی تایبەت نین ، کە ئێستا کراون بەتایبەت ، دڵنیاشم کە خۆی و ، زوربەی ئەوانەی کۆنووسەکەیان مۆر کردووە ئەم راستییە باش دەزانن ، کەچی لە ئاست ئەمەیاندا متەقیان نەکردووە ؛ چونکە ئەگەر بێت و پلەکانی خۆیان راست بکەنەوە ، ئەوا رادەی مووچەکانیان دادەبەزێ و زەرەر مەند دەبن ؛ بەڵام بۆ داگرتنی پلەو پایەو مووچەی ڕاوێژکاران ، کورد گوتەنی : ( شێرێکیان لێرەو ، رێوییەکیان لەوێ هێناوە ) ، بەتایبەتیش کە بڕیارەکەی وەزیری دارایی حکومەتی مەرکەزییان بینیوە ، ئەوەی لە رۆژنامەی ( التاخی ) دا بلأکرابووەوە ، ئیتر ( رەشید تایەر و گرووپەکەی ) هەر هەموویان کێچیان کەوتۆتە کەوڵ و ؛ پەندێکیان بە بەڕێزتان و ، بە حکومەت و ، پارتی دیموکراتی کوردستان کرد ، مەگەر هەر خۆیان بیزانن بۆ کردوویانە !!

## بەڕێزسەرۆکی حکومەت :

ئەمە جگە لەوەی کە بەڕاوێژکاران کراوە ، خۆ زۆر لەوە زێتریش بەهەموو پلەو پایەی دیکەی فەرمانبەران کراوە ، بەجۆرێکی ئەوتۆ ناهەقییان بەرامبەر کردوون ، مەگەر چارەسەرەکەی بە پێداچوونەوەیەکی بە ویژدانانەی لیژنەیەکی ویژدان زیندوو بە هەموو میلاکاتی وەزارەتەکاندا بکرێ ، تاوەکو بتوانن شتێ بەشتێ بکەن و ، میلاکاتەکان بگەڕێنرێنەوە سەر باری ئاسایی خۆیان ، دیارە دەبێ کاری ئەو لیژنەیەیش دوور بێ لە دەستێوەردانی ئەملاو ئەولا ! ئەگینا ئەو مافەی پێشێلکراوە بە ئاسانی بەو کەسانە نادرێتەوە ، کە لەکاتی بەمەزاج دابەشکردنی پلەو پایەکاندا غەدریان لێکراوەو ، ئەو مافەیش کە بە ناهەقی و لەبەر خاتری فلأن و فیسار بەو کەسانەدراوە ، ئەوانەی بە ( ساڵێك و دووان سییان ) چاکترین پلەیان دراوەتێ و ، گەیشتوونەتەچڵە پۆپەی میلاکاتی داوودەزگاکانییانەوە !! هەر دیسان بەئاسانی چارەسەر ناکرێت .

* بۆیە ئێمە وای بە چاك دەبینین ، کە بەڕێزتان بۆ راستیی مەسەلەکە چاوێکی بە ویژدانانە بەهەموو ئەوەی کراوەو ، بەو بڕیارەشدا بخشێننەوە ، ئەوەی کە لە ( التاخی ) دا بلأوکراوەتەوەو ، لەسەرەوەدا ئاماژەی پێدراوە .

## هەڤاڵی بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی :

★ شتێکی لەوەیش غەریبتر ئەوەیە ، کە لە هەموو یاسا دانراوەکاندا هاتووە ، دەبێ بڕیار بە بڕیارو ، یاسا بە یاسا هەڵوەشێتەوە ؛ کەچی ئەوەی هەر زۆر جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە ، کە بەڕێز ( ڕەشید تایەر ) هەموو ئەم ڕاستییانەی پشت گوێ خستوون و پێشێلی کردوون ، بێ ئەوەی هیچ بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی یان تایبەتدا ، بە ئیمزای بەڕێزتان لەم بارەیەوە دەرچووبێت ، کەچی خودی خۆی پلەی زوربەی هەرە زۆری ڕاوێژکارانی لە تایبەتەوە کردووە بە پلە ( ١ ) و ، ئاستی مووچەکەشیانی لەو ( ملیۆن و نیوەی ) کە پێشترهەرخۆی بە پێچەوانەی هەموو بڕیارو ڕێنماییەکانی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان ئەوسنوورەی بۆ دانابوو ، بەڵام دیارە بە ئەنقەست و ، لەو داخەی دڵییەوە کە بەرامبەر بە ڕاوێژکارانی هەیە ، کەمیکردۆتەوەو ، کردوویەتی بە ( ٩٢٠ ) هەزار دینار ؛ چونکە ئەگەر بەپێی بڕیارەکەی وەزارەتی دارایی مەرکەز بێت ، کە ئێستا ئەوان پارەو مووچەی هەموو فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابین دەکەن، نەك ( ڕەشید تایەر ) ، ئەوا دەبێ ڕاوێژکاران مووچەکەیان لە ( ٢٢٤٩٠٠٠ دینار ــ دوو ملیۆن و دوو سەدو چل و نۆ هەزار دینار ) کەمتر نەبێت ، هەر لەگەڵ ئەوەشدا هەڵەیەکی هێندە گەورەی کردووە ، مەگەر کەسێکی یەکجار نەزان و ناشارەزا لە بواری کاری داراییدا بیکات : ( ئەویش تا ئێستا بۆ مووچەی تایبەت بە ڕاوێژکاران ، دیارە هەموو دەزگا ژمێرکارییەکانی وەزارەتەکان و گەنجینەشی وا تێگەیاندووە ، کە لە خانە تایبەت بە ( واجب الصرف ) ی لیستەکەدا ( ملیۆن و نیوێك ) وەکو مووچە داخیل بکەن ؛ بەڵام لە خانەی تایبەت بە ( واجب الدفع ) دا تەنیا ( ٩٢٠ ) هەزار دینار خەرج بکرێت ؛ ئیتر ئێمە سەرمان لەوە سوڕماوەو نازانین ئەو ( ٥٨٠ ) هەزار دینارە دەچێتە باخەڵی کێ و ؟! بۆ دەبێ بەم شێوەیە ڕەفتاری نایاسایی بە داوودەزگاکانی حکومەت بکرێت ؟!

بۆیە دەبێ بڵێین : ئایا حکومەتی هەرێم پارە زۆرەکە لە بانکەکانی مەرکەز وەردەگرێت و ، کەمەکەی بە ڕاوێژکاران دەدات ؟ یان ئەوەتا ( ڕەشید تایەر ) لە ژێرەوە بەشە زەکاتی خۆی لێ دەردەکات ؟! ئەگینا چۆن دەبێ لە یەك لیستی مووچەدا ، لە لایەك ( ملیۆن و نیوێك ) داخیل بکرێ و ، لەلایەکی دیکەیش تەنیا ( نۆ سەدو بیست هەزار دینار ) بەخاوەنەکەی بدرێت ؟!!

## بەڕێزسەرۆکی حکومەت :

حەز دەکەم لەوش ئاگاداربن ، کە ئەم حاڵەت و دیاردەیە لێرە لەوێ زۆر قسەی لەسەر دەکرێ و ، زۆرانیش هەن دەڵێن : پارتی و حکومەت پارە زۆرەکە لە مەرکەز وەردەگرن و ، کەمەکەی بۆ خەڵك و فەرمانبەران خەرج دەکەن ؟؟؟!!!!

★ هەردیسان شتێکی سەیرتر هەیە ئەویش ئەوەیە ، کە لە هەموو لیستی مووچەکاندا وەکو جاران پلەی ڕاوێژکار دەنووسرێ ؛ بەڵام لە میلاکی هەموو وەزارەتەکاندا ڕاوێژکاران خراونەتە خانەی پلە ( ١ ) ـەوە ، تەنیا ئەوانە نەبێت ، کە بەوحیلە شەرعییەی لیژنە تایبەتەکە خۆیان لەکۆنووسەکەیاندا دایانهێناوە ، هاوێریان کردوونەتەوە ، جا نازانین ئایا لە کاروباری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ( بانێك و دوو هەوایە ) ؟ یان لە هەموو ئەو کارانەی بە هەڵەو بە ئەنقەست لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی داراییدا ئەنجام دەدرێن ( ڕەشید تایەر ) دەستووری موکەڕەمەو ، هەرچی بیەوێ دەیکات و ، هیچ ئیعتیبارو سەرومرییەك بۆ یاسا و ڕێساکان دانانێت و ، کەسیش لەخۆی بەگەورەتر نازانێت ، پێشمانوایە هەمووان ، تەنانەت ئێوەی بەڕێزیش ئەم هەقیقەتە دەزانن و

***دەمێکە درکتان پێی کردووە ، ئیتر نازانین کەی کابرا گوتەنی دەگاتە مریشکە ڕەشەو ، هەموو فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەچنگ ئەم دێوەزمەیەی وەزارەتی دارایی رزگاریان دەبێت و ، چیتر بەو شێوەیەی تائێستا کراوە ، ئیتر گاڵتە بەکەرامەت و ئیرادەیان ناکرێت ؟؟!!!***

***هەڤاڵ بەڕێزکاك نێچیرڤان بارزانی :***

**ئێمەی ڕاوێژکاران لەوە دڵنیایین ، کە بەڕێزتان باش ئەو هەقیقەتە دەزانن ، کە لەوەتەی ئیداراتی حوکم لە وڵاتی عێراقدا دامەزراوە ، کورد بە هەموو چین و توێژەکانییەوە زوڵمی لێکراوەو ، ڕۆڵەکانیشی ماف خوراو بوون و ، لەهەموو هیواو خواست و ئاواتەکانیان بێبەش کرابوون ، ئەوەتا وا لە سەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانداو ، بەتایبەتیش لەسەردەمی هەردوو کابینەی سێ وچواردا ، تارادەیەك بەشێکی زۆری هاووڵاتییان لە ژیانێکی باش و خۆش گوزەرانیدا دەژیێن ، هەروەها بەشێکی زۆری ئەو فەرمانبەرانەی لە داوو دەزگاکانی حکومەتدا کاردەکەن بوونەتە خاوەن پلەو پایەی چاك و ، چەندین هەنگاو بەرەو پێشەوە چوون ، دڵنیاشین لەوەی کە بەڕێزتان حەزدەکەن و پیتان خۆشە ، کە داوودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش فەرمانبەری خاوەن پلەوپایەی بەرزو کارمەندی لێهاتوو و لێوەشاوەی خۆماڵیی خۆی هەبێت ، بۆ ئەوەی لە زوربەی کارو ئەرکەکانی رۆژانەیدا چاوی لەخەڵکی دەرەوەی کوردستان نەبێت .**

**پێشمانوایە ئەوەی لە دڵ و دەروونی بەڕێزتاندا هەیە زۆر لەوە زێترە ، کە تا ئێستا بۆ فەرمانبەرانی سەرجەم ناوچەکانی هەرێمی کوردستان کراوە ، بۆیە پێمان باشە ئەوەی بەرامبەر بە ئێمەی ڕاوێژکاران کراوە ، پێداچوونەوەیەکی بە ویژدانانەی تێدا بکرێت و ، ئەو مافەی کە خودی بەڕێزتان پێتان بەخشیوین ، وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت و ، ئەو ناهەقییەی دوور لە رۆحی یاسا دەرهەق بە ئێمە کراوە نەمێنێ و ، پلەو پایەو مووچەکانمان بچێتەوە ئەوقاڵبەی خۆیەوە کە بەڕێزتان و ، ئەوانەی بەری ئێوەیش چەند ساڵێکە رەزامەندیتان لەسەری کردووە ؛ چونکە پاشگەزبوونەوە لێی نە لایەقی ئێوەو ، نەهی حکومەت و ، نەهی پارتی دیموکراتی کوردستانە .**

***هەربژین و ، هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو ئەو کەسە دڵسۆزانە دەخوازین ، کە بۆ بەرقەراربوونی یاساو مافەکانی مرۆڤ شەونخونی دەکەن و تێدەکۆشن و ، لە خەم و ئازاری هاووڵاتییان تێدەگەن و ، بەدەنگ هیواو ئاواتە مەزن و پیرۆزەکانییانەوە دەچن ، باوەڕی نەگۆڕو پتەویشیان بە ڕەوایی ڕەخنە و ڕەخنەکارییەوە هەیە ، هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بن .***

***بژی کـــــورد ... بژی کوردســـــــــــــت***

***ڕاوێژکارێکی هەقخواز***

***هەولێـــــر / ١٧ / ١١ / ٢٠٠٤***